هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە
ژمارە (٢٠٥) یەکشەممە ٣٠-٣-٢٠٠٨

# رۆژی گەل
Rojî Gel

## شەڕی سەدرو مالکی بەنوێنەرایەتی دەکرێ

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە نوری مالکی لەرێگەی **دیک چینی**، جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە پەیامی جۆرج بووشی بۆ هاتبوو کە دەبێ لە رەوتی سەدرو سوپای مەهدی بدرێ. ئەمەش بەنوێنەرایەتی وەکو شەڕی نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی ئێران بەناو دەکرێ، ئەگەر سوپای مەهدی لەم شەڕەدا سەربکەوێ، ئەمریکا ناچار دانوستاندن لەگەڵ ئێران دەکات، ئەگەر شکست بهێنێ، هێرشەکانی بۆ سەر ئێران دەست پێدەکات.

ل3 نوری مالکی سەرپەرشتی شەڕی بەسرە دەکات



ل4 پێنج ساڵ دوای رزگاربوونی ناوچەدابڕاوەکان



ل5 دیبلۆماسیەتی کوردی و سەردانەکەی نەژاد بۆ عێراق



ل6 پاش ١٧ ساڵ راگەیاندنی کوردستانی نابیندرێ



# ماوەی درێژکراوەی ١٤٠ بەرەو تەواوبوون دەڕوات، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش بەدوای دەریچەیەکی ئاوڕوومەندانەدا دەگەڕێ!

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند، بەهۆی ئەوەی کە ماوەی درێژکراوەی ماددەی ١٤٠ کە پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای سەرکردایەتی سیاسی درێژی کردبۆوە بەرەو تەواوبوون دەڕوات، دادگەی فیدراڵیش قسەیەکی سەبارەت بە زیندووکردنەوەی نەکردووە، ئەمریکاو تورکیاش دەیانەوێ بە یەکجارەکی ماددەی ١٤٠ بمرێندرێ، هەروەها سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش دەزانێ ئەو مادەیە جێبەجێ ناکرێ، بۆیە لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا باسی لە دۆزینەوەی دەریچەیەکی ئاوڕوومەندانە کردوە، ئێستاش بۆ ئەوە تێدەکۆشن تا سەرنجی کوردستانیان بۆ رێککەوتنی سیاسی نێوان هێزەکانی عێراقی رابکێشن و پاساوی جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی پێ بدەنەوە.

سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەوە دڵنیایە کە ریفراندۆمیش بەڕێوەناچێ و ناوچە دابڕاوەکانیش بەم ئالیەتەی کە هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناگەڕێنەوە. چاودێران پێیانوایە کە رێکەوتنێکی شاراوە لە نێوان ئەمریکاو تورکیا مۆرکراوە تا کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوەو بکرێ بە هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ، رەزامەندی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش بە مەرجی ئۆپەراسیۆن نەکردنی لەشکری تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، مسۆگەرکراوە، بەلام چاودێران پێیانوایە کە ئاشکراکردنی ئەم سیناریۆیە لەلایەن کوردستانیانەوە پەسند ناکرێ و بە گران لەسەر سەرکرایەتی سیاسی و حزبەکانیان دەکەوێ، بۆیە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ تا خەڵکی کوردستان بە مەسەلەی قەرەبووکردنەوە خەریک بکەن، چونکە پێیانوایە پارەدان بە خەڵک لەژێر ناوی قەرەبووکردنەوەدا زۆربەی کێشەکان دەخەوێنێ، ئیدی خەڵک ناپرژێتە سەر ئەوەی لە چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان بپرسێتەوە.

## پۆلیسی تورک زارۆکی کورد ئەشکەنجە دەدەن

دوای ئەوەی لەبەرچاوی کامێرای پەیامنێرانەوە هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شاری جۆڵەمێرگ ملی منداڵێکی کوردیان شکاند، دەنگی نارەزایی لەناوەندەکانی رای گشتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بەرز بۆوە.

پۆلیسی تورک بەبیانوی ئەوەی کە بێرێزی بە کارمەندێکی دەوڵەت کردوە، لە جەژنی نەورۆزدا **جونەید ئەرتوشی** ١٥ ساڵە دەستگیر دەکەن، دواتر بەبەرچاوی کامێراکانەوە ئەشکەنجەی دەدەن و ملی دەشکێنن.

ئەو منداڵە دوای ئەوەی دوو رۆژ لە بەرێوەبەرێتی ئاسایش دا دەمێنێتەوە، بەبیانوی ئەوەی دادگەی منداڵان لەو شارەدا نیە، رەوانەی دادگەی سولح و سزایان کرد، بەڵام بنەماڵەکەی و پارێزەرەکەی لەوە دڵنیانین کە لەو ماوەیەدا برینەکەی تیمار کراوە یان نا؟!

باوکی ئەو منداڵە بە مێدیاکانی گوتووە کە کورەکەی رۆژی ٢٢ی ئازار چۆتە بازاڕو نەگەڕاوەتەوە.

## سەرۆکی HAK-PAR داوای فیدراڵی بۆ باکوری کوردستان دەکات

رۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٨ **سەرتاچ بوجاک** سەرۆکی هەک پار لەدادگەی دیاربەکر بەتۆمەتی ئەوەی پڕوپاگەندەی بۆ رێکخستنێکی تیرۆریستی کردووە، دادگەیی کرا.

سەرتاچ لە دادگەی تاوانی گەورە لە دیاربەکر بەتۆمەتی ئەوەی لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٧دا پڕۆپاگەندەی بۆ رێکخستنێکی تیرۆریستی کردووە دادگەیی کرا، بەلام سەرتاچ کە سەرۆکی پارتێکی کوردیە بەرگرینامەی خۆی بە نووسین پێشکەش کردو رایگەیاند کە ئەو سەرۆکی پارتێکی سیاسی یاساییە، پرسی کوردیش وەکو پرسێکی دیموکراسی و ئازادی دەبینێ، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کوردیش لانی کەم دەبێ تورکیا پەیمانی کۆپنهاگن جێبەجێ بکات.

سەرتاچ لەبەردەم دادگەدا رایگەیاند 'رێگەی بەختەوەری و هێمنایەتی و داهاتووی ئەو کوردانەی لەم وڵاتەدا دەژین، لە سیستەمێکی فرەدەنگ و فیدراڵی خۆی دەبینێتەوە، دووەمین کۆنگرەی پارتەکەی ئێمەش چارەسەری فیدراڵی پەسند کردووە، ئێمە فیدراڵی وەک مەرج و گەرەنتی یەکێتی وڵات دەبینین'

قسەکانی سەرتاچ نەک هەر دادگەی تورکی هەژاند، بەڵکو ئاماژەی بە دەرگەیەکی دیکەی چارەسەری دا.

## مالکی فەرمانی لەناوبردنی سوپای مەهدی دەدات

نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بۆخۆی سەرپەرشتی شەڕی دژ بە سوپای مەهدی دەکات ، لەسەرەتادا پێیوابوو لە کورت ترین کاتدا لەبەسرە دەریان دەکات، کەچی لە هەنگاوێکی کتوپڕدا شەڕو پێکدادان شارەکانی کەربەلاو دیوانیەو حلە و بەغداشی گرتەوە، بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو شەڕانە ٢٠٠ کوژراو و نزیکەی ٤٠٠ بریندداری لێکەوتۆتەوە، بۆیە مالکی داوای لە چەکدارانی سوپای مەهدی کرد کە چەکەکانیان دابنێن و خۆیان رادەستی هێزەکانی عێراق بکەن و پاداشت وەربگرن، بەڵام دوێنێ شەممە، سوپای مەهدی داواکەی مالکی رەت کردەوەو رایگەیاند تەنیا ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێ کۆتایی بە داگیرکاری وڵاتەکەی لەلایەن ئەمریکا بهێنێ، ئەوان چەک دادەنێن، دەنا بەرگری دەکەن.

هەرچەندە کە ساڵی ٢٠٠٥ نوری مالکی بە پشتیوانی رەوتی سەدر پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەدەست هێنا، بەڵام ئێستا سەرسەختانە دژی ئەوان شەڕی دەکات، پێیوایە کە سوپای مەهدی زۆر لە رێکخراوی ئەلقاعیدە ترسناکترە، دەبێ لەناو بچێ!

## سەرۆکی حکومەت سەردانی تورکیا دەکات

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا دەڵێن، ئەگەر ئەو شاندەی تورکیا کە ئێستا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە بە سەرکەوتووی بگەڕێتەوە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەو مەرجانە رازی بێت کە حکومەتی تورکیا پێشنیاری کردووە ئەوە رێزدار نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی تورکیا دەکرێ و لە داهاتوویێکی نزیکدا بەسەرۆکایەتی شاندێکی بازرگانی سەردانی تورکیا دەکات.

سەرچاوەکانی هەواڵ مەرجی حکومەتی تورکیا بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم بە لێدان و لەناوبردنی پەکەکە لێک دەدەنەوەو پێیانوایە کە دەبێ لە بواری سەربازیدا هاوکاری یەکتر بکەن، ئەگەر ئەوەش کرا ئیدی بە فەرمی دان بە هەرێمی کوردستان دادەنرێ و پێوەندی لەگەڵ دەکرێ.

چاودێران پێیانوایە کە سەردانی سەرۆک تاڵەبانی بۆ تورکیا، هەروەها سەردانی دیک چێنی و باسکردن لە هاوکاری نێوان ئەنکاراو هەولێر هاتۆتە گۆڕی، تورک مەرجی ئەوەی داناوە کە نابێ دەستەلاتدارانی هەرێمی کوردستان هاوکاری و پشتیوانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دا بکەن، بەڵکو خواستویانە وەکو پێشوو بۆ لێدان و لەناوبردنی پەکەکە هاوکاری یەکتر بکەن، بەڵام رێزدار مەسعود بارزانی چەندین جار ئەو ئەگەرەی رەت کردۆتەوەو جەختی کردۆتەوە کە جارێکی دیکە شەڕی کورد بە کورد دووپات نابێتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیداری رۆژنامەیەکی تورکیدا هاوکاری نێوان هەردوولای بۆ لێدانی پەکەکە وەبیر هێنابۆوە، ئاماژەی بەوە کردبوو کە ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی لە شەڕی دژ بە پەکەکە گیانی خۆیان لەدەست داوە، ئەمەش لە میانەی هاوکاری نێوان تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرچاوەی گرتبوو.




## رۆژەڤ

لەوەتەی بە زۆرەکی و بەبێ ویست و خواستی دانیشتووانەکەی، باشووری کوردستان 'ویلایەتی **موسڵ**' بە هەردوو ویلایەتی **بەغدادو بەسرە** لکێنراوەو عێراق پێکهێنراوە، کورد لەو بەشەدا بە ناچاری و نا ئارەزوومەندانەوە پێناسەی عێراقی بوونی دەباخەڵ نراوە، دەنا خۆی بە نامۆو بندەست زانیوەو مەیلی بۆ ئەو پێناسەیە نەبووە، تەنانەت هەر کوردێک ئەگەر دەرفەتی بۆ لوابێ، بەتایبەتیش زۆربەی ئەوانەی کە گەیشتوونەتە هەندەران خۆیان وەک وڵاتییێکی کوردستانی ناساندووە، زۆر جاران لەسەر ئەمەش دووچاری گرفت هاتوون و مافی پەنابەرێتیان رەت کراوەتەوە، بەڵام ئێستا زۆر لە جاران زیاتر سەربەرزانە شانازی بە کوردستانی بوونیان دەکەن، زۆر بە سادەییش عێراقیبوون رەت دەکەنەوە، هەروەها هیچ کاتێکیش وەکو ئێستا عەرەب و تورکمانیش مەیلی عێراقیبوونیان هێندە لاواز نەبووە، هەستی نیشتیمانیان بەو شێوەیە کاڵ نەبووە.

لەوەتەی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دروست کراوە، ئارامی و هێمنایەتی بەخۆیەوە نەبینوە، خەڵکەکەی هەستیان بە ئاسوودەیی و بەختەوەری نەکردووە، شۆڕش و کۆدێتا خوێناویەکان و توندوتیژیە بەردەوامەکانی ناو عێراق، شەڕو یاخیبوون، خۆ دزینەوە لە خزمەتی سەربازی، بە چاوی دوژمن روانین لە دامودەزگاکانی حکومەت و دژایەتیکردنی دەستەڵات ئەو راستیەی سەلماندووە کە زۆرینەی خەڵکی عێراق، حکومەتیان بەهی خۆیان نەزانیوە، ئینتیمایان بۆ عێراقیبوون لاوازبووە و حەزیان بە پێناسەی عێراقی بوون نەکردووە.

لەدوای رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆر لە ٢٠٠٣ و دامەزراندنەوەی عیراق دیسانەوە زۆر بە ئاشکرا هەست بە لاوازی و کاڵی ئەو ئینتیمایە دەکردێ. لەو سۆنگەیەشەوە، سوننەکان، عەرەبی شیعە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مەیلیان بۆ شیعەگەرایی و ئێرانی بوون هەیەو دڵیان بۆ ئەوێ لێدەدا. شیعەکانیش ئەوان بە کرێگرتەو دەستی دەرەکی و پاشماوەی بەعس تۆمەتبار دەکەن، زۆرینەی هەردوولاشیان کورد بە جیاوازخواز و هەلپەرست دەناسێنن، تەنانەت زۆرینەی کوردیش سەران و حزبەکانی ناو بەرەی تورکمانی بەپیاوی تورک لەقەڵەم دەدەن، بەوهۆیەشەوە متمانە لەنێوان پێکهاتەکان کۆتا بووە. شەڕو یاخیبوونەکانی ئەم دواییانەی سوپای مەهدی دژ بە حکومەتی شیعە بۆ هەموو جیهانی ئاشکراکرد کە ئیدی ژیان لە چوارچێوەی عێراق سەخت و دژوار بووە، بەوهۆیەوە قۆناغەکە دەخوازێ کە دانوستاندێکی بەرفراوانی لە نێوان نوێنەرانی پێکهاتەکان پێک بێ، زۆر راشکاوانە باس لە کێشەو گرفتەکان بکرێ، ئەمەش پێویستی بە ئاشکرایی و بوێری و لێزانی هەیە، باشتروایە هەر ئەمڕۆ قامک لەسەر راستیەکان دابنرێ و شێلگیرانە بە دوای دەریچەیەکی راستین بگەڕێن. دەنا داهاتوویێکی زۆر خراپتر چاوەڕوانی سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکان دەکات.

## قەزافی شەقامی عەرەبی دەخرۆشێنێ!

رۆژی ٢٩-٣-٢٠٠٨ موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا لەبەردەم ئامادەبووانی لوتکەی وڵاتانی عەرەبیدا، گوتی:' با ئیماراتی عەرەبی هەوڵ نەدات شەڕو ئاژاوە لەنێوان وڵاتانی عەرەبی و ئێران دروست بکات' ئەو پێشنیاری کرد تا ئەوکێشەیەی لە سەر سێ دوڕگەکە هەیە روانەی دادگەی نێودەوڵەتی بکرێ و چیتر رۆژەڤی لوتکەکانی وڵاتانی عەرەبی پێوە گیرۆدە نەکرێ!

ئەم قسانەی قەزافی نەک هەر سەرانی ئیماراتی نیگەران و دڵگران کردووە، بەڵکو شەقامی عەرەبیشی خرۆشاندووە، بەتایبەتی چونکە گوتەیەتی رێژەی ٨٠%ی دانیشتووانی وڵاتانی کەنداو ئێرانین، ئەمەش ئاسانکاری بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای دوڕگە داگیرکراوەکان دەکات.

ئیماراتی عەرەبی بە درێژایی ٤٠ ساڵی رابردوو بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە کە هەر سێ دوڕگەی تونبی گەورەو تونبی بچووک و ئەبو موسا بەشێکن لە خاکی وڵاتەکەی، بەڵام ئێران داگیری کردوون. لە وەڵامی قسەکانی **قەزافی**شدا ئیمارات رایگەیاند، وێڕای ئەوەی کێشەی سێ دوڕگەمان لەگەڵ ئێران دا هەیە، بەڵام هەوڵمانداوە لە رێگەی دانوستاندنەوە کێشەکە یەکلایی بکەینەوەو نەمانویستووە ناکۆکی و ململانێ لەنێوان عەرەب و ئێران دا دروست بکەین، رەوانە کردنی پەروەندی ئەو کێشەیەش بۆ دادگەی نێودەوڵەتی کارێکی باشە، بەڵام!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com